# بێهۆشکەری گشتی:

## مەترسی و کاریگەرییە لاوەکییەکان

هەموو کەسێک جیاوازە و ناکرێت بزاندرێت کێ تووشی کاریگەرییەکی لاوەکی یان مەترسییەک دەبێت. هەندێکیان زیاتر لەو کەسانەدا ڕوودەدەن کە هەلومەرجی تەندروستییان هەیە یان پێویستیان بە هەندێک نەشتەرگەری هەیە.

ژمارەکانی خوارەوە تێکرای ئەنجامی توێژینەوەکانن. کەسانی ناو توێژینەوەکە نەشتەرگەری ئاساییان ئەنجامداوە، کێشیان تەندروست بووە و هیچ هەلومەرجێکی تەندروستی تایبەتیان نەبووە.

دەتوانیت زیاتر بزانیت لەبارەی ئەو توێژینەوانەی کە بەکارهاتوون، لەم بەستەرەوە: www.rcoa.ac.uk/patientinfo/risks/evidence.

**مەترسییەکانی تۆ لەوانەیە زیاتر یان کەمتر بن لەم ژمارانە. پزیشکە سڕکەرەکەت باسی ئەو مەترسییە تەندروستیانەت لەگەڵدا دەکات کە ئەگەری ڕوودانیان زیاترە یان کاریگەرترن.**

دەتوانیت زانیاری زیاتر دەربارەی خۆ ئامادەکردن بۆ نەشتەرگەری لەسەر ماڵپەڕەکەمان بدۆزیتەوە کە بە زمانی جیاواز لێرە بەردەستە: www.rcoa.ac.uk/patientinfo/translations#languages.

**ئەم ژمارانە لە تێکرای ۱۰۰ کەسن.**

| چی ڕوویداوە؟ | بۆ ماوەی چەند؟ | چەند؟ لە هەر ۱۰۰ کەسێکدا (سەد کەس) |
|---|---|---|
|  **لەرزین** | بۆ ماوەی ۲۰ بۆ ۳۰ خولەک لە ژووری چاکبوونەوەدا |  ۱۵ **کەس** دووچاری بوونەتەوە ۸۵ **کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |
|  **هێڵنجدان (دڵ تێکەڵهاتن)** | بۆ ماوەی ۱ بۆ ۲٤ کاتژمێر |  **نزیکەی ۱۵ کەس** دووچاری بوونەتەوە **نزیکەی ۸۵ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |
|  **قورگ ئێشە** | بۆ ماوەی ۲٤ بۆ ٤۸ کاتژمێر |  **۲۰ بۆ ٤۰ کەس** دووچاری بوونەتەوە **٦۰ بۆ۸۰ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە دەکەوێتە سەر جۆری بۆری هەناسەدانەکەی کە بەکارهاتووە |
|  **شینبوونەوە یان ئازاری** دەرزییەکان. | نامێنێت لە دوای چەند ڕۆژێک |  ۱۰ **کەس** دووچاری بوونەتەوە ۹۰ **کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
|  | **برینی بچوکی لێو و زمان** | سارێژ دەبێت لەماوەی چەند ڕۆژێکدا |  **١ بۆ ٥ کەس** دووچاری بوونەتەوە — **٩٥ بۆ ٩٩ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |
|  | **هەوکردنی سنگ** | بۆ چەند ڕۆژێک یان چەند هەفتەیەک |  **٢٠ کەس** دووچاری بوونەتەوە — **٨٠ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |
|  | **سەرلێشێوان (وڕێنە)** | بۆ چەند ڕۆژێک، چەند هەفتەیەک یان چەند مانگێک |  **١٠ بۆ ٥٠ کەس** دووچاری بوونەتەوە — **٥٠-٩٠ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |

## ئەم مەترسیانەی ناوبراون دەگمەنن.

ئەم ژمارانە لە تێکڕای د ١٠،٠٠٠ کەسن.

| | چی ڕوویداوە؟ | بۆ ماوەی چەند؟ | چەند؟ لە هەر ١٠,٠٠٠ کەسێکدا (دە هەزار کەس) | |
|---|---|---|---|---|
|  | **زیانگەیشتن بە ددانەکان** | پێویستە لەلایەن پزیشکی ددانەوە ببیندرێت | **٥ کەس** دووچاری بوونەتەوە | **٩,٩٩٥ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |
|  | **لێڵ بینین، خورانی چاو یان ئازار** بەهۆی کەمێک ڕووشاندن یان ووشکی چاوەوە. | بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک | **نزیکەی ٥ کەس** دووچاری بوونەتەوە | **نزیکەی ٩,٩٩٥ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |
|  | **مێروولەکردن، سڕبوون، ئازار یان لاوازی** (زیانگەیشتن بە دەمارەکان). | بۆ ماوەیەکی کاتی (چەند هەفتەیەک بۆ چەند مانگێک) | **١ بۆ ٥ کەس** دووچاری بوونەتەوە | **٩,٩٩٥ بۆ ٩,٩٩٩ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |
| | | هەمیشەیی | **١ کەس** دووچاری بووەتەوە | **٩,٩٩٥ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |
|  | **کاردانەوەی هەستیاری توند (ئەنافیلاکسیس)** | بەخێرایی ڕوودەدات دەستبەجێ چارەسەردەکرێت | **١ کەس** دووچاری بووەتەوە | **٩,٩٩٥ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |
|  | **وەستانی دڵ، بۆ نموونە وەستانی دڵ لەکاتی نەشتەرگەریدا** | دەستبەجێ چارەسەردەکرێت | **٣ کەس** دووچاری بوونەتەوە | **٩,٩٩٧ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |

ئەم ژمارانە لە تێکڕای ۱۰۰,۰۰۰ کەسن.

| | چی ڕوویداوە؟ | چەند؟<br>لە هەر ۱۰۰,۰۰۰ کەسێکدا<br>(سەد هەزار کەس) | |
|---|---|---|---|
|  | **بەئاگاهاتنەوە بۆ ماوەیەکی کورت**<br>لەماوەی بێهۆشکردنی گشتیدا (بەئاگاهاتنەوەی چاوەڕواننەکراو) | ٥ **کەس** دووچاری بوونەتەوە<br><br>٣ بۆ ٤ کەس لە هەر ۱۰۰,۰۰۰ کەسێکدا ئاماژەیان بەوە داوە کە بۆ ماوەی کەمتر لە ٥ خولەک بەئاگاهاتوون، لەپێش نەشتەرگەری یان دوای تەواوبوونی.<br><br>نزیکەی ۱ کەس لە هەر ۱۰۰,۰۰۰ کەسێکدا ئاماژەیان بەوە داوە کە هەستیان بە هەندێک ئازار کردووە. | **۹۹,۹۹٥ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |
|  | **بینایان لەدەستداوە (کوێر بوون)**<br>بەهۆی پەستان یان مەیینی خوێنەوە کە کاریگەری دەکاتە سەر دەمارە بینینەکان. | ۱ **کەس** دووچاری بووەتەوە | **۹۹,۹۹۹ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |
|  | **گیانیان لەدەستداوە بەهۆی ئاڵۆزییەکانی نەشتەرگەرییەوە** | ١٤ **کەس** دووچاری بوونەتەوە | **۹۹,۹۸٦ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |
| | **گیانیان لەدەستداوە بەهۆی وەستای دڵ لەکاتی نەشتەرگەری یان لە دوای نەشتەرگەریدا** | ۱ **کەس** دووچاری بووەتەوە | **۹۹,۹۹۹ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |
| | **گیانیان لەدەستداوە بەهۆی سڕکردنەوە** | ۱ **کەس** دووچاری بووەتەوە | **۹۹,۹۹۹ کەس** دووچاری نەبوونەتەوە |
| | مەترسییەکان زۆر گۆڕانکاریان بەسەردادێت. بۆ نموونە، مەترسییەکان دەکرێت زیاتر بن بۆ نەشتەرگەرییەکی دیاریکراو، یاخود ئەگەر نەخۆشەکە لاواز، بەتەمەن، یان هەندێک بارودۆخی تەندروستی دیکەی هەبێت. | | |

## پاکانە

هەوڵی تەواومان داوە کە هەموو زانیارییەکانی ئەم نامیلکەیە ڕاست و دروست و نوێ بن، بەڵام ناتوانین مسۆگەری ئەوە بکەین. ئێمە چاوەڕێی ئەوە ناکەین کە ئەو زانیارییە گشتیانە سەرجەم پرسیارەکانتان وەڵام بداتەوە یان چارەسەری هەموو شتێکتان بکات کە گرینگە بۆ ئێوە. پێویستە لەسەرتۆ کە گفتوگۆی هەڵبژاردەکانت و نیگەرانیەکانت بکەیت لەگەڵ تیمە پزیشکیەکەت، بە بەکارهێنانی ئەم نامیلکەیە وەک ڕێبەرێک. تەنها نامیلکەکە بەتەنها نابێت بەکاربهێنرێت بۆ ڕێنمای کردنت. نابێت بە کاربهێنرێت بە مەبەستی بازرگانی پێوە کردنی. بۆ بینینی تەواوی ڕوونکردنەوەکە، تکایە سەردانی ئەم لینکە بکە ([www.rcoa.ac.uk/patient-information/translations/sorani](www.rcoa.ac.uk/patient-information/translations/sorani))

هەموو وەرگێڕانەکان لە لایەن جڤاکی 'وەرگێڕانی بێسووره'وە بەردەست دەخرێن. چۆنایەتی ئەم وەرگێڕانانە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت تا چەندەی دەکرێت وەرگێڕانەکە درووست بێت، بەڵام مەترسی نادرووستی و هەڵەلێکدانەوەی هەندێک لە زانیارییەکان هەیە.

# www.rcoa.ac.uk

patientinformation@rcoa.ac.uk

(Royal College of Anaesthetists (RCoA 2024 ©
دەکرێت ئەم نامیلکەیە لەبەربگیرێتەوە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی بابەتی زانیاریی نەخۆش. تکایە ئاماژە بەم سەرچاوە ڕەسەنە بدە. ئەگەر دەتەوێت بەشێک لەم نامیلکەیە لە بڵاوکراوەیەکی تردا بەکاربێنیت، پێویستە پێزانینی گونجاو ئاماژەی پێ بکرێت، و لۆگۆ و براند و وێنە و وێنۆچکەکان لاببردرێن. بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن.